ڕێبەری هەشتەم - وانەی ٤٥

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) بینینی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (بینین ٨- ١١) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا ١٦: ١٤

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ : یۆحەنا ١٦: ١٤ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) شەیتان و جەنگی ڕۆحی

پێشەکی : ئەم فێرکردنە تایبەتە بە شەیتان وجەنگی ڕۆحی . خودا لە نێو باوەڕداران و کڵێسادا کاردەکات لە ڕێگەی عیسای مەسیح و ڕۆحی پیرۆزو کتێبی پیرۆزەوە . بەڵام لەهەندێ بارودۆخدا لە ڕێگەی فریشتەکانەوە ، ئەوکارانەی خودا دەیکات هەموان دڵخۆش ناکات ، چونکە ئیبلیس و ڕۆحەخراپەکارەکان بەرهەڵستی خوداو کارەکانی دەکەن و هەوڵ دەدەن کارەکانی خودا بڕوخێنن . هەروەها زۆرێك لە خراپەکارانی جیهان عیسای مەسیح ڕەتدەکەنەوەو بەرهەڵستی خوداو کارەکانی دەکەن . لەم وانەیەدا ئەوە دەخوێنین کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەی شەیتان وکەوتنی و ئامانجی و ستراتیژی و سنورداریەکەی هەروەها ، لەکۆتاییدا ئەوە دەخوێنین کە دەبێت باوەڕداران چی بکەن لە جەنگەکەیاندا دژی شەیتان . هەروەها بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٨ پاشکۆکانی ١ و ٢.

کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات کە شەیتان "بەستراوەتەوە" و ڕۆحەخراپەکارەکان "داماڵدراون لە چەکەکانیان" واتە چەککراون ، لە هاتنی یەکەمی خوداوەند عیسای مەسیحەوە ، پێش دوو هەزار ساڵ . شییتان بەستراوەتەوە و سنوری بۆ دانرا بابەتێکە سروشی خودا فێرمان دەکات لە ئینجیلەکاندا (مەتا ١٢: ٢٨- ٣٠ ؛ لۆقا ١٠: ١٧- ٢٠ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢) ، وە لە نامەکاندا (کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٥؛ عیبرانیەکان ٢: ١٤ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٨) . وە لە بینین پێناسەی دەکات بە بەستنەوەی شەیتان بەشێوەی بینین لە بینینی یۆحەنا ١٢: ٧-٩ ؛ ٢٠: ١- ٣.

أ. شەیتان وکەوتنی

١. شەیتان کێ یە ؟

بینین یۆحەنا ١٢: ١- ٩ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : شەیتان کێ یە ؟

تێبینیەکان .

هەموو ئەوانەی حەز دەکەین بیزانین کتێبی پیرۆز پێمان ناڵێت . شەیتان پێناسە دەکرێت لە بینین ١٢ بەوەی ئەژدیهایەکی گەورەو سوورە . زۆر بەهێزە . گومڕاکەرە دێرینەکەیە کە تاقیکەرەوە بوو لە باخچەی عەدەن (پەیدابوون ٣: ١- ٥) . پێی دەوترێ ئیبلیس (درۆزن) یان سکاڵاکەر لەسەر خوداو گەلی خودا . وە پێێ دەوترێ شەیتان واتە دوژمن ، دوژمنی خوداو گەلی خودا . ئیبلیس دوو ئامانجی هەیە : لە ئایەتی ٤ و٥ هەوڵی دەدا ڕێگری بکات لە هاتنی مەسیای چاوەڕوانکراو عیسای مەسیح لەسەرتای مێژوو (پەیدابوون ٣: ١٥) تا سەردەمی هاتنی و ئەوکاتەی بەرزبووە بۆلای خوداو تەختەکەی (کردار ١: ٩)، وە یۆحەنا پێانسەی دەکات بەوەی ئەو بوو هەموو جیهانی گومڕا کرد ، یۆحەنا ١٢: ٩ . ئیبلیس باوەڕداران گومڕا ناکات بەڵکو هەموو جیهانی خراپەکار گومڕا دەکات ئەوەی بەرهگەڵستی خوداو مەسیحەکەی دەکەن (بڕوانە ١یۆحەنا ٥: ١٨- ١٩) .

٢. کەوتنی شەیتان .

أ . شەیتان چۆن کەوت ؟

حەزقێیل ٢٨: ١١- ١٩ ؛ ئیشایا ١٤: ١٢- ١٤ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : شەیتان چۆن کەوت ؟

تێبینیەکان .

کتێبی پیرۆز بەشێوەی ڕاستەوخۆ باسی ڕوداوی کەوتنی شەیتان ناکات . تەنها باسی دوو فریشتە مەزنەکە دەکات لە مێژوودا بە زمانی کەوتنی شەیتان . لە ئیشایا ١٤: ١٢- ١٤ پێناسەی پاشای خراپەکاری بابل دەکات بە زمانی کەوتنی شەیتان . بابل پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی مەزن بوو دەکەوێتە وڵاتی عێراقی ئەمڕۆ . وە چەندین سەدە خاوەن پاشای وەها بوون خەونیان ئەوە بوو حوکمی هەموو جیهان بکەن . وە کەوتنی پاشای

بابل و ئیمپراتۆریەتەکەی بەو شێوەیەی پێناسە دەکرێت ، گوزارشە لەوەی کە پێغەمبەر پێناسەی کەوتنی شەیتانی پێدەکات . بڕوانە حەزقێیل ٢٨: ١١- ١٩ . وە ١تیمۆساوس ٣: ٦ دەخوێنینەوە باسی شەیتان دەکات بەوەی لوتبەرزی کردو کەوتە ژێر حوکمدانی خودا . وە خوداش بەرهەڵستی لوتبەرزان دەکات (١پەترۆس ٥: ٥) ، بۆیە خوداوەند دەریکرد لە ئامەدەگی خۆیداو ئیدی ڕووت و شەرمەزار بوو . خوداوەند ڕەتی کردەوە کە فریشتەی ئەو بێت لە ئاسمانی خۆی و فڕێی دایە سەر زەوی .

ب . کەی شەیتان کەوت ؟

پەیدابوون ١: ٣١؛ ٣: ١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کەی شەیتان کەوت ؟

تێبینیەکان .

لە کۆتایی بەشی یەکەمی پەیدابوون دەخوێنینەوە " خودا بینی هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو ." بەڵام لە پەیدابوون ٣ ، پێش کەوتنی ژن وپیاو لە گوناهەدا دەبینین کە شەیتان دەردەکەوێت بۆیان لە شێوەی مارێکدا ، وە تاقیان دەکاتەوە تاکو بەردەوام متمانەیان بەخودا نەبێت ولێی یاخی بن . لەوکاتەدا ، شەیتان بەدیهێنراوێکی کەوتوو بوو ، وە بەرهەڵستی خوداو کارەکانی دەکرد ، بۆیە دەبێت ئەوەمان لە لا ڕوون بێت کەوتنی شەیتان لە ماوەی نێوان تەواوکردنی بەدیهێنان و تاقیکردنەوەی ئادەم وحەوا لە باخچەی عەدەن ڕوویداوە ، بەڵام ئێمە ڕەچەڵەکی شەیتان و کەوتنەکەی نازانین.

ب. ئامانجی شەیتان وستراتیژیەتی

١. شەیتان بەرهەڵستی خوداو گەلەکەی دەکات .

أ. شەیتان بەرهەلستی خودا دەکات .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : شەیتان چۆن بەرهەڵستی خودا دەکات ؟

پەیدابوون ٣: ١- ٥ .

تێبینیەکان .

شەیتان دوژمنی خوداو گەلی خودایە . شەیتان خودای تاوانبار کرد بە درۆزن ، مەبەستی لەوە ئەوەبوو ئادەم وحەوا متمانەیان بە خودا نەمێنێت و چیتر گوێڕایەڵی خودا نەبن .

ب. شەیتان بەرهەڵستی مەسیح دەکات .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو سێ ڕێگەیە کامەیە شەیتان هەوڵی دا لێیانەوە عیسا تاقی بکاتەوە و توشی گوناهەی بکات ؟

لۆقا ٤: ١- ١٣ .

تێبینیەکان .

شەیتانی ڕاستەقینەو زۆر فێڵبازەکە عیسای تاقیکردەوە لە سروشتە مرۆڤانەکەیدا بۆ یاخی بوون لە خوداو هەڵگەڕانەوە لێی.

تاقیکردەوەی یەکەم . شەیتان عیسای مەسیحی تاقیکردەوە بەمەبەستی پەکخستنی متمانەکردن بە خودا .

شەیتان عیسای لە ڕووی پێویستیە مرۆڤانەکانەوە تاقیکردەوە – خواردن .

تاقیکردنەوەی دوەم ، پاشایەتی جیهانی پیشاندا . یۆحەنا ٨: ٤٤ ؛ زەبور ٢: ١- ١٢ ؛ ١٤٥ : ١٣ ؛ ١٤٦: ١٠؛ ئیشایا ١٤: ٢٤- ٢٧ ' ١یۆحەنا ٣: ٨ ؛ یۆحەنا ٣: ١٧ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ ؛ بینین ١: ٥ . بەڵام عیسا توانی سەرکەوتوو بێت بەسەر ئەو تاقیکردنەوەیەشدا .

تاقیکردنەوەی سێ یەم . لەڕێگەی بەڵێن و وشەکانی خوداوە . شەیتان دەیوسیت شتێك بچێنێ لە عیسادا کە متمانەو بڕوای بە خوداو وشەکانی نەمێنێت .

خۆهەڵدان لە شوێنێکی بەرزەوە . شەیتان هەوڵی دا ئەم بابەتەی لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگرت لە زەبور ٩١: ١١- ١٢ .

ج. شەیتان بەرهەڵستی هەموو خەڵکی دەکات .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بۆچی شەیتان بەرهەڵستی کتێبی پیرۆزو فێرکردنەکانی دەکات ؟

لۆقا ٨: ١١- ١٢ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

لە نمونەی باسکراو لە لۆقا ٨ : ١١- ١٢عیسا پێناسەی ئامانجی سەرەکی شەیتان دەکات و دەفەرموێ : " تۆوەکە پەیامی خودایە ، ئەوانەی سەر ڕێگاکە ئەوانەن کە گوێیان لێبوو، ئینجا ئیبلیس دێت و پەیامەکە لە دڵیان دەبات، نەوەك باوەڕ بهێنن و ڕزگاریان بێت ." مەبەستی سەرەکی شەیتان ئەوەیە خەڵکی دوور بخاتەوە لە فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز لە جیهاندا ! شەیتان نایەوێ خەڵکی باوەڕ بهێنێ بە کتێبی پیرۆزو ڕزگاریان بێت . نایەوێ سەرلەنوێ لەدایکبنەوە ، نایەوێ خەڵکی خزمەتی خودای کتێبی پیرۆز بکەن و شکۆداری بکەن .

٢. شەیتان هێرش دەکاتە سەر هزرو دڵی خەڵك .

پێشەکی :

ئەفەسۆس ٦: ١٦ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٦ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو لایەنەی ناخ کامایە شەیتان هێرشی دەکاتە سەر ؟ بۆچی ئەوە دەکات ؟

أ. شەیتان درۆزنە .

یۆحەنا ٨: ٤٤ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

شەیتان درۆزنە و باوکی درۆیە یاخود سەرچاوەی درۆیە ، هەموو ئەو درۆیانەی لە جیهاندان سەرچاوەکەی شەیتانە . یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٦ ؛ ١٧: ١٧ .

ب. شەیتان تاقیکەرەوەیە .

پەیدابوون ٣: ١- ٧ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

شەیتان تاقیکەرەوەیە ، هێرش دەکاتە سەر ویستی خەڵکی ، لە گرنگی گوێرایەڵی کردنی خودا کەم دەکاتەوە و خەڵکی تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی هانیان بدات بۆ یاخی بوون لە خوداو وشەکانی . یاقوب ٤: ٧ ؛ مەتا ٤: ١- ١١ .

ج. شەیتان تاوانبارکەرو سکاڵاکەرە .

بینین ١٢: ١٠ .

تێبینیەکان .

شەیتان سکاڵاکەرەو تاوانبارکەرە و هێرش دەکاتە سەر ویژدانی خەڵکی . شەیتان ستراتیژیەتێکی هەیە لە سەرەتاوە هەوڵ دەدات خەڵکی فریو بدات و توشی گوناهەیان بکات بۆئەوەی بکەون ، دوای ئەوە دەستبەجێ دژایەتیان دەکات و هێرشیان دەکاتە سەر . عیبرانیەکان ٨: ١٢ ؛ بینین ١٢: ١١ .

د. شەیتان گەورەیەکی دڵڕەق و بەکۆیلەکەرە .

عیبرانیەکان ٢: ١٤- ١٥ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

شەیتان گەورەیەکی دڵڕەقەو خەڵکی دەکات بە کۆیلەو ژیانیان تاڵ دەکات ، شەیتان هێرش دەکاتە سەر لایەنی سۆزداری خەڵك ، وایان لێ دەکات ببنە کۆیلە بەهۆی ئەو ترسەوە دەیخاتە دڵیانەوە ، وە چونکە دڵێ زۆرێڵ لە خەڵکی پڕ کردوە لە ترس لەمردن و مردوەکان ، ئیدی دەست دەکەن بە پەرستنی ڕۆحی مردوەکان ،وە چەندین جۆر دروشم وپەرستشیان هەیە لە ڕێوڕەسمی پرسەو سەرگۆڕستان ، یان دەچنە زیارەتی گۆڕی سەرکردە

ڕۆحیەکانیان . خۆشەویستی تەواوەتی عیسای مەسیح تاقە تواناداراە بۆ خستنەدەرەوەی ترس (١یۆحەنا ٤: ١٧- ١٨) .

هـ . شەیتانی بێ ڕەوشتی .

١کۆرنسۆس ٧: ٥.

تێبینیەکان .

شەیتانی بێ ڕەوشتی . هێرش دەکاتە سەر بەهاو ڕەوشتی خەڵکی . ئەو هەوڵ دەدات خەڵکی فریو بدات و توشی داوێن پیسی و هەڵسوکەوتی سێکیسی بێ ڕەوشتیان بکات ، بەتایبەتی ئەوانەی ناتوانن بەسەر خۆیاندا زاڵ بن .

و. شەیتانی فێڵباز و گومڕاکەر .

٢کۆرنسۆس ٤: ٣- ٤ ؛ ١١: ٣- ٤ ؛ ١تیمۆساوس ٤: ١- ٣ بخوێنەوە .

٣. شەیتان هێرش دەکات لەڕێگەی بارودۆخی دەرەکیەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بارودۆخە دەرەکیە کامەیە شەیتان لە ڕێگەیەوە هێرش دەکاتە سەر خەڵکی ؟

تێبینیەکان .

شەیتان شێوازو ڕێگەی هەمەجۆرو جیاواز بەکار دەهێنێ بۆ هێرش کردنە سەر خەڵکی .

أ. شەیتان تەڵەو داو دەنێتەوە .

١تیمۆساوس ٣: ٧ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٣- ٢٦ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

شەیتان تەڵەو داو دەنێتەوە بۆئەوەی خەڵکی پێوە بکات یاخود بکەونە نێوی و بیانخاتە ژێر دەسەڵات و کاریگەری خۆیەوە .

ب. شەیتان کارە سەرسوڕهێنەرەکان ساختە دەکات .

٢سالۆنیکی ٢: ٩- ١٠ ؛ بینین ١٣: ١٣ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

ج. شەیتان وەك فریشتەی چاکەکار خۆی دەردەخات .

٢کۆرنسۆس ١١: ١٣- ١٥ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

شەیتان ماسکی فریشتە پاکەکان دەپۆشێ وخۆی وەك ئەوان دەردەخات گوایە خزمەتکاری ڕاستودروستیە ، بۆیە هیچ سەرسامی نییە کە خزمەتکارانیشی (وەکو پێغەمبەرە درۆزنەکان و خاوەنی ئاینە درۆ و لادەرەکان) ئەو ماسکە بپۆشن و خۆیان وەکو خزمەتکاری ڕاستودروستی پیشان بدەن . وە ڕەنگە تەنانەت کاری چاکەش بکەن تاکو وا لە خەڵکی بکەن کە پێویستیان بە عیسای مەسیح نییە .

د. شەیتان دزە دەکاتە نێو کڵێسای مەسیحەوە .

مەتا ١٣: ٣٧- ٤١ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

هـ . شەیتان کۆسپ دروست دەکات لەبەردەم خزمەتی باوەڕداراندا .

١ سالۆنیکی ٢: ١٧- ١٨ ؛ ٣: ٥ .

تێبینیەکان .

و. شەیتان باوەڕدارانی مەسیح دەچەوسێنێتەوە .

لۆقا ٢٢: ٣١- ٣٢ ؛ بینین ٢: ١٠ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

شەیتان هەندێ لەباوەڕداران توشی تاقیکردنەوەی سەخت دەکات و هەندێکیان توشی زیندانی دەکات و تاکو وایان لێبکات واز لە باوەڕ بهێنن.

ز. شەیتان هانی خراپەکاران دەدات .

یۆحەنا ٨: ٤٤ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ٩ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

هەروەها بڕوانە ١تیمۆساوس ١: ٨- ١١ .

ج. شەیتان دەگەڕێ بەدوای دەرفەتێکدا بۆ هێرش ولەناوبردن .

١پەترۆس ٥: ٨؛ ئەفەسۆس ٦: ١٦ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

ج. سنورداری شەیتان

١. شەیتان سنوردارە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : سنور و سنورداریی شەیتان کامەیە ؟

تێبینیەکان .

شەیتان بونەوەرێکی بەدیهێنراوە ، بۆیە بەتەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتی خودایە !

أ. شەیتان سنوردارە لەوەی ڕێگەی پێدراوە بیکات .

ئەیوب ١: ٦- ٢٢ ؛ ٢: ١٠ .

تێبینیەکان .

ب. کاریگەریەکانی شەیتان سنوردارە .

پەیدابوون ٣: ١٥ ؛ زەبور ٢؛ مەتا ١١: ٢٧ ؛ ٢٨: ١٨؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٣ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

هەروەها بڕوانە لۆقا ٤: ٥-٦ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١٩ ؛ یۆحەنا ٨: ٤٤ . لێرەدا وا دەردەکەوێت کە شەیتان هەموو دەسەڵاتێکی هەیە بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە و خودای کتێبی پیرۆز دەسەڵاتدارە بۆ هەتاهەتایی و شانشینەکەی تاهەتاییە (زەبور ١٤٥ : ١٣؛ ١٤٦: ١٠) ! هەروەها بڕوانە (مەتا ٢٨: ١٨ ؛ یۆحەنا ١٣: ٣ ؛ بینین ١: ٥ .

ج. دەسەڵاتی شەیتان سنورارە .

مەتا ٨: ١٦؛ کردار ١٦: ١٦- ١٨ ؛ ڕۆما ١٦: ٢٠ ؛ بینین ١٢: ٧- ٩ ؛ ٢٠: ١- ٣ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

بڕوانە کۆلۆسی ١: ١٣ .

د. شەیتان بەستراوەتەوە .

أ. عیسا بە بەرجەستەبوونی شەیتانی بەستەوە .

ئاشکتای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیمانی نوێ چێ فێر دەکات لەبارەی بەستنەوەی شەیتان لەماوەی ژیانی عیسای مەسیح لەسەر زەوی ؟

تێبینیەکان .

عیبرانیەکان ٢: ١٤ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٨؛ مەتا ١٢: ٢٨ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە لۆقا ١٠: ١٨- ٢٠ " "

ب. عیسای مەسیح کاری بەستنەوەی شەیتانی تەواو کرد بە مردنی و هەستانەوەی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیمانی نوێ چی فێردەکات لەبارەی بەستنەوەی شەیتان بە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان ؟

تێبینیەکان .

بینین ١٢: ١- ٩ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە بینین ١٢: ١- ٤ .

وە بینین ١٢: ٥ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ٢ ؛ مەتا ٢٢: ٣٠ ؛بینین ١٨: ١ ؛ لۆقا ١٠: ١٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٨: ٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٢ ؛ ٦: ١٢ ؛ ئەیوب ١: ٦- ١٢ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ بینین ٢٠: ١- ٣ ؛ مەتا ١٢: ٢٩ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ ؛ بینین ٢٠: ٤- ٦ ؛ بینین ١٦: ١٤ ، ١٦ ؛ ١٧: ١٤؛ ١٩: ١٧- ٢١؛ ٢٠: ٧- ١٠ .

٣. شەیتان بە بەستراوی دەمێنێتەوە .

أ. عیسای مەسیح شەیتان دەبەستێتەوە بە بەردەوامی لەڕێگەی خزمەتی مزگێنیدان و نێردراوێتی باوەڕدارانەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیمانی نوێ چی فێردەکات لەبارەی بەستنەوەی بەردەوامی شەیتان ؟

مەتا ١٢: ٢٩- ٣٠ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٤- ٢٦ ؛ مەتا ١٢: ٣٠ .

هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ یۆحەنا ١٥: ١٨- ٢٥ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١٨- ١٩ .

بینین ١٢: ٥ ؛ بینین ١٢: ١٠- ١٧ ؛ بینین ١٣: ١٤ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ دانیال ١٠: ١٣، ٢٠ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣٢ _ ٣١ .

ب. لە کۆتاییدا عیسای مەسیح شەیتان دادەماڵێ لە زەوی .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیمانی نوێ چی فێردەکات لەبارەی داماڵینی کۆتایی شەیتان لە زەوی ؟

بینین ٢٠: ٧- ١٥ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

لەگەڵ ئەوەی شەیتان بەزیوە لە ئێستادا ، بەڵام ڕوونە کە هێشتا خودا داینەماڵیوە لەسەر زەوی . بینین ٢٠: ٧- ١٥ پێمان دەڵێ ئەم کارە لە کۆتاییدا ڕوودەدات لە کاتی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح دوای ئەوە عیسای مەسیح شەیتان فڕێ دەداتە دۆزەخەوە بۆ هەتاهەتایە .

د. جەنگ لە دژی شەیتان

ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٨ بخوێنەوە .

١. باوەڕداران لە جەنگێکی ڕۆحیدان لە دژی شەیتان .

بزانە . جەنگی ڕۆحی کامەیە ؟

أ. جەنگی ڕۆحی لە دژی خەڵکی ناکرێت .

کتێبی پیرۆز دەفەرموێ جەنگی باوەڕداران لە دژی گۆشت وخوێن نیە و دژی مرۆڤ نیە ، بەڵکو لە دژی هێزی ڕۆحی خراپەکارە (ئەفەسۆس ٦: ١٢) . هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٨: ٣٦ . باوەڕداری ڕاستەقینە هیچ جەنگێک ناکات لە دژی مرۆڤ یان هەر گەلێك ! وەك ئەوانەی پێی دەڵێن جەنگی پیرۆز .

ب. جەنگی ڕۆحی بە چەکی مرۆڤانە ناکرێت .

٢کۆرنسۆس ٢: ١١ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٠: ٣- ٥ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٨ .

ج. جەنگی ڕۆحی بە پشتبەستن بە خەڵکی ناکرێت .

ئەفەسۆس ٦: ١٣ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ٢٦.

٢. دەبێت باوەڕداران بەباشی خۆیان چەکداربکەن بەچەکی ڕۆحی بۆ ئەم جەنگە ڕۆحیە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پارچە چیکە ڕۆحیانە کامانەن ؟

تێبینیەکان .

أ . پشتێنی ڕاستی .

ئەوە لە دیزاینی ڕزگاری وڕاستیەوەیە لای سەرباز کە جەنگی ڕۆحی پێ ئەنجام دەدا . واتە دەجەنگێ لە دژی درۆ وگومڕاویی و فێڵەکانی شەیتان بەرامبەر بە ڕاستی خودا .

ب. سپەری ڕستودروستی .

ئەوەش توانای سەربازە لە جەنگی ڕۆحیدا وێنەیەکە بۆ تواناو کارامەیی سەرباز لە جەنگی ڕۆحی . زمانحاڵی باوەڕدار ئەوەیە دەڵێ " من سوورم لەسەر ئەوەی دەژیم لە چاکەو ڕاستودروستیدا و دەتوانم جەنگی ڕۆحی بکەم بە چوست وچالاکی .

ج. پێڵاوی ئامادەباشی .

ئەویش توانای سەربازە لەوەی بە خێرایی و ڕاستەوخۆ جەنگی ڕۆحی بکات . زمانحاڵی باوەڕدار دەڵێ " من بەتەواوی ئامادەم بۆ جەنگی ڕۆحی " وە ناخەوم ، وەکو بریکاری دەستپاکم (لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٣) .

د. قەڵغانی باوەڕ .

ئەویش توانای سەربازە لە بەرگریکردن لە خۆی لەکاتی جەنگی ڕۆحیدا . زمانحاڵی باوەڕدار " من سورم لەسەر ئەوەی بەرگری لەخۆم بکەم لەکاتی هێرشەکانی شەیتان بۆ سەر باوەڕم بە وشەکانی خودا .

هـ . کڵاوی ئاسنینی ڕزگاری .

من سورم کە پارێزگاری لە هزر وبیرم بە بەڵێنەکانی خودا بکەم لە ڕوبەڕوبونەوەی هێرشەکانی شەیتان . دەرچوون ١٤: ١٤ ؛ ئیشایا ٤٣: ٢ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١١ ؛ فیلیپی ١: ٦ .

و. شمشێری ڕۆح .

ئەویش ئامێرێکی سەربازە بۆ سەرکەوتن بەسەر تاقیکردنەوەو تەڵەو داوەکانی شەیتان لە جەنگی ڕۆحیدا . من سورم لەسەر بەکارهێنانی

وشەکانی خودا لە جەنگی ڕۆحی . ئەفەسۆس ٥: ١١ ؛ یۆحەنا ١٦: ٨ ؛ تیتۆس ١: ٩ ؛ کردار ١٧: ٢- ٤ ؛ یۆحەنا ٢٠: ٢٧- ٣١ ؛ مەتا ١٤: ٢٧- ٣٠ ؛ مەتا ٤: ١- ١١ ؛ زەبور ١١٩: ١٠٥ .

ز. نوێژ بەشێکە لە جەنگی ڕۆحی .

نوێژ توانای سەربازە لە مانەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خوداوە لە جەنگی ڕۆحیدا . من سورم لە مانەوە بە پشتبەستن بە خودا لە ڕێگەی نوێژەوە لە جەنگی ڕۆحیدا . لە ڕێگەی نوێژەوە خودا کێشەکانی مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ دەرفەتی خودا !

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .